

سیروان مەحمود _ هۆڵەندا

## گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی کوردی ..... دیدێک و سێ چەمک

پەپێی تاقیکردنەوە هاوچەرخییەکان ئەوا باڵەخانەی مەدەنییەت لەسەر پایەی دیموکراسییەت بنیات دەنرێت وراستییەکەشی مەدەنییەت ودیموکراسییەت دوانەن بەیەکەوە لەدایک دەبن و تەواو کەری یەکترن ، هەر کاتێک بنەما دیموکراسیەکان لە نێو کۆمەڵدا پەیرەو کرا ئەوا هاوتەریب کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵیدا گەشە دەکات ، بۆ ئەوەی بناغەی  بنیاتنانی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە دیموکراسییە خراپ دانەرێژرێ  پێویستە کۆمەڵگا هێمنانە بە قۆناغەکانی گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسیدا بڕوات ، خوێندنەوەی مێژووی تاقیکردنەوەی  گەلانی مەدەنی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوان بەهەنگاوێکی کتوپر نەگەیشتونەتە قۆناغی مەدەنییەت بەڵکو هێمنانە وانەکانی دیموکراسییەتیان چێشتووە و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ ڕاستییە بابەتییەکان گەشەیان بەخۆیان داوە و گەیشتوونەتە بنیاتنانی کۆمەڵگای شارستانی لەسەر بناغەی پرینسیپە دیموکراسیەکان .

لەجیهانی ئەمرۆدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای پەیوەندیەکان و خێرایی گۆرینەوەی زانیاریەکان ئەوا جیهان هەر وەک پێناسەکراوە بۆتە گوندێکی پچوک ،  گۆرانکاریەکان خێراتر لە جاران دەگوێزرێتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر ناوچە جیاکانی جیهان هەیە ، دیارە ئەمە دەستکەوتێکی پۆزەتیفە بۆ گەشەی مرۆڤایەتی و گەیاندنی تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی گەلە شارستانیەکان بۆ گەلانی تر و گورێکی بە هێزتردەداتە پرۆسەی گۆرانکاری بەرەو دیموکراسییەت و پێکهێنانی کۆمەڵگا مەدەنییەکان .

گەلی کورد بە دوور نییە لەو هاوکێشەیە و شنەبای گۆرانکاری دیموکراسی جیهانی رووی کردۆتە پانتاییەک لە خاکەکەی  ، پاش ساڵانێکی زۆر لەخەباتی خوێناوی ئەمرۆ پارچەیەکی بەرین لە باشوری کوردستان ئازادە و تاقیکرنەوەکەی بە قۆناغی دامەزراندنی دام و دەزگا حکومیەکان و جێگیر بوونی پەرلەماندا تێدەپەرێت ، ئەم قۆناغەش زۆر هەستیار و ناسک و بایەخدارە ، قۆناغی جێگیر بوون وگەشە پێدانی دەستکەوتە هەنووکەییەکان و نەخشە کێشانی چوارچێوەی ئایندەکەیەتی کە پێویستە لەسەر بنەما هاوچەرخییەکان بنیاتبنرێت ، روونتریش بڵێین قۆناغی گواستنەوەیە بەرەو ئامادەکردنی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی مەدەنی بە توانا بۆ بەرێوەبردن وگەشەپێدانی ئەزموونی هەنووکەیی و خۆسازدان بۆ قۆناغی ئەگەری هاتنەدی دەوڵەتی سەربەخۆ .لە روی بابەتیشەوە بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراسی کوردی رەنگدانەوەیەکی سرووشتی ئامانجەکانی خەباتی ئەم گەلەیە کە خۆی لە ئازادی و سەربەستی و مافی مرۆڤدا دەبینێتەوە  ، دواخستنی پرۆژەی بەدیموکراتی کردنی تاکی کورد و بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردی هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە دەرهەق بە قۆناغی گواستنەوەی تاقیکردنەوەی هەنووکەیی کوردیە بۆ

سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی دەستوری ، ئەو دواخستنە ئاکامی خراپی لێدەبێتەوە بۆ پاشە رۆژێکی هاوچەرخ بۆ گەلەکەمان و دەبێتە مایەی لەقاندن و لاواز بوونی پایەکانی پردی گواستنەوەکە و بە ئاراستەیەکی تردا دەروات ، رەوا نییە کاتێک رێژەیەک لە کۆمەڵگاکەمان گۆرانکارییە دیموکراتییە پێویستەکان بە مەترسی دەناسێنن لە سەر تاقیکردنەوەی هەنووکەیی کوردستان و پێیان وایە کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئەو پرۆسەیە ، بەڵام راستییە مێژووییەکان پێچەوانەی ئەم دیدەیە چونکە بوونی کۆمەڵێکی مەدەنی دیموکرات زامنی سەرکەوتنی ئەم دەستکەوتە نەتەوەییە هەنوکەیەمانە و پارێزەری دەبێت لە روی گرفتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ، کومەڵگای مەدەنی دیموکراسی کۆمەڵگایەکی تەندروستییە و درز ناکرێتە ریزەکانی ، بەپشت بەستن بە بیرۆکە دیموکراسیەکان و کارکردن بە یاسا و پایە دەستووریەکان وولات دادپەروەرانەتر دروست دەبێت و قەیرانەکان کەمتر دەبن و هاوولاتیش لە ئاستێکی بەرزی نیشتمان پەروەریدا دەبێت و خەمخوارتر و هوشیارترە بۆ گەشەپێدان و بەرگری کردن لە دەستکەوتە تایبەتیی و گشتییەکان .

پرۆسەی بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵگای کوردی کارێکی ئاسان نییە و ئاستەنگی زۆری دیتە رێ ، نەک تەنها لەبەر هۆیە خۆییەکان کە پەیوەندی بە دەستەلات وباری دەروونی تاکی کوردەوە هەیە بەڵکو لەبەر کەم ئەزموونیش و نامۆیی چەمکە کاریگەرە کوردیەکان بە هونەری دارشتن و پەیرەو کردنی قۆناغە پێویستەکانی گۆرانگاری و گواستنەوە بۆ سیستەمی دیموکراسی .
لە ئەمرۆی کوردستاندا کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی حیزبییە و پارتەکان رۆڵی سەرەکی دەبینن لە نێوشەقامی کوردیدا ، لێرەدا پابەندبوونی چەمکە سیاسیەکان بە پرۆژەی بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵ رۆلێکی سەرەکی دەبینێت لە ئامادەکردنی تاکی کۆمەڵ بۆ چێشتنی بنەما دیموکراسیەکان و شێوازی راستی بەکارهێنانی ، هەر بۆیە پێویستە ئەو پابەندبوونە لە نێو حیزبە کوردییەکاندا پیادەبکرێت و دابەزێنرێتە نێو ئورگانەکانیان ، ئەندامانیان گۆش بکرێن بە مامەڵە کردن بە پرینسپە دیموکراتییەکان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە نێو حیزبدا و لە رەفتاری رۆژانەیان لە نێو کۆمەڵدا ، کاتێک ئەندامانی حیزبەکان کەبەشێکی فراوانن لە کۆمەڵگای کوردی مامەڵەی راستەقینە بە پرینسپە دیموکراسییەکان دەکەن و گیانی دیالۆک و پەسەندکردنی یەکتر لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی دوور لە گرێی دەستەگەری و ململانی بەرژەوەندی جەمسەرەکان دەکەنە بنەمای لەیەک تێگەیشتن و گەران بەدوای پرۆژە هاوچەرخییە نوێکەرەوەکان ئەوا ئەو مامەڵە دیموکراسیە پۆزەتیفەی نێو حیزب دەبێتە مایەی پێکهێنانی بزووتنەوەی سیاسی دیموکراسی و ئەنجامی تەماسی ئەو ئەندامە دیموکراس گۆشکراوانەش لەگەڵ کۆمەڵدا دەبێتە ئامرازێکی پراکتیکی تەندروستی بۆ پرۆژەی بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵ و زەمینەیەکی گونجاوتر ئامادە دەبێت بۆ قۆناغی گواستنەوە .
هاوتەریب دەبێت رێکخراوە مەدەنییەکان هەوێنی پرۆژەی بەدیموکراتی کردنی تاکی کورد بن و کاریگەریان گەورەیە لە ئامادەکردنی کەرەسەی هێنانەدی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەرکێکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆیان لە هوشیارکردنەوە و بەهێزکردنی هاوولاتیان بە چەمکە دیموکراتییەکان و شێوازی دروستی بەکارهێنانی مافە شارستانییەکان ، پێویستە بەندەکانی جاردانی مافی مرۆڤ وتاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی جیهانی پێشکەوتوو بکەنە بەندە سەرەکییەکانی پرۆژەی کارەکانیان و نەوەی نوێی پێ گۆشکەن و کۆشش بکەن بۆ ئاشنا بوونی ئەو نەوەیە بەو مافانە و شێوازی راستی بەکارهێنانی ، رۆشەنبیران و خامەی نووسەران و دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵێکی گرنگی مێژوویيان دەبێت لە بازنەی ئەو رێکخراوانەدا بۆ پوختەکردنی ژینگەیەکی تەندروستی و ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ چێشتنی ئەو بنەما دیموکراسییانە ، کاریگەری ئەم توێژە زور هەستیارە و نابێت خۆی لە هەگبەی ململانەی ئایدۆلۆژیای فکری و سیاسی ببینێتەوە و

دەبێت بەدوور بێت لە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و هەڵسەنگاندنی خۆیی ، بە پراکتیک بەشێک لەو ڕێکخراو و حیزب و کەسایەتیانە کە دەربری ئۆپۆزسیۆنێکی بانگێشەنەکراون بە پێی ویست ڕۆلی مێژوویی وبابەتی خۆیان نابینن و هەنگاوەکانیان کورتە لە ئەرکی گۆڕانکاری دیموکراتی و تا ڕادەیەک نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی بابەتی دەربری داخوازی و ئامانجە دیموکراسییەکان بن لە بانگێشەکەیاندا بۆ بەدیهێنانی پرۆژەی دیموکراسی وسازدانی زەمینەی بەدیهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان ، بەداخەوە لە ئەنجامی دەربرین و کاردانەوەی گوتاری ڕۆژانەیان دەرکەوت ئەوان زیاتر پابەندی ئایدلۆژیا سیاسیە تایبەتیەکانی خۆیانن و لەو ڕوانگەیەوە هەستی شەقامی دلشکاو دەبزوێنن و بە کاریان دەهێنن بۆ ئامانجی سوکایەتی بە دەسەڵات و بەدەست هێنانی هەندێ دەستکەوتی هەنووکەیەی کەخۆی لە بازنەی بەرامبەرێنی ئایدلۆجیای فکری و سیاسی دەبینێتەوە ، ڕێژەیەک لە خاوەن ئەو خامانە یان بزوێنەری ئەو جوڵانەوانە ئەندامە دێرینە ماف خوراوەکانی حیزبە باڵادەستەکانن یان بەرپێچەرانیانن لە ڕوی فیکریەوە و کۆششیان بۆ دیموکراتی وپاراستنی مافی مرۆڤی کورد لێڵە ، تیژی و سۆز سیمای ئاخافتنیانە و زۆر جاریش دەمارگیری لە دەربرینیان بەدی دەکرێت و ئاکامی کارەکانیشیان ناچێتە خانەی سودبەخشی گۆڕانکارییە دیموکراسیەکان چونکە ئەم پرۆژە هەستیارە بایەخدارە لەم قۆناغە ناسکەی ئێستادا بە سۆز و بەدەست هێنانی هەندێ دەستکەوتی دەرونی کورت و بە سووککردنی دەسەڵات ناگاتە ئاکام بگرە دەبێتە مایەی خەفاندنی پرۆژەکە و بەهەڵدێرێکی خراپدا دەیبات و ئاکامی نەویستی لێدەبێتەوە ، هەر بۆیە باری ڕۆشەنبیران و خاوەن خامەکان قورس و گرانە و دەبێت لێکۆڵینەوە و دەربرینی بابەتیووردیان هەبێت لەمەر ڕووداوەکان و شێوازی گەیاندنی بیرۆکە هاوچەرخییەکان بۆ نێو کۆمەڵگایەکی تازە ئاشنا بە بیری دیموکراسی .

دامودەزگا حکومیەکان چەمکی سەرەکی دەبن لە زەمینە خۆشکردن بۆ سەرکەوتنی قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردی بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی شارستانی ، ڕەنگدانەوەی کاری ڕۆژانەیان و ڕادەی خزمەت گوزاریان پێوەر دەبێت بۆ بروای تاکەکانی کۆمەڵ بەوتاقیکردنەوەیەی پیایدا تێپەردەبن و تێڕوانینیان بۆ پاشە ڕۆژی گەشتر و متمانە بونیان بە ڕاستگۆیی دروشمەکانی قۆناغی گۆڕانکاری ، ئەم دامودەزگایانە دەبێت پابەندی دەوڵەتی یاسابن و پشت بەستن بە دەستور وەک مەرجەعییەتی باڵا ، دادپەروەری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان پێوەری ڕادەی مامەڵەی پۆزەتیفیان بێت لەگەڵ تاکەکان ،

یەکسانی کۆمەڵایەتی هێڵی هاوبەش بێت لە نێوان هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگۆزاریەکان لەسەر بنچینەی باڵادەستی و ژێر دەستی نەبێت و جیاوازی چینایەتی و پیشەیی پێوەر نەبێت بۆ مامەڵەکردنی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ژیانی گشتی هاوڵاتیان ، خۆ بەستنەوەی دامو دەزگا ڕەسمییەکان بە تیۆری مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو و دورکەوتنەوە لە سەپاندنی خەڵکانی بودەڵ و کەم ئەزمون بۆ لوتکەی بەڕێوەبردنی دەزگاکان ئەنجامی سەرکەوتوی لێدەکەوێتەوە و بروای جەماوەر بە حکومەت و هەنگاوەکانی توکمەتر دەکات ، لەنێو ئەو سیستەمە دادپەروەرەدا تاکی تەندروست دێتە گۆڕەپانەوە بۆ چێشتن و پەسەندکردنی گۆڕانکارییە هاوچەرخییەکان . ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارئاسانییە و ڕێ خۆشکەرە بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ بەردەوام بونیان لەسەر بەرنامەی بەدیموکراتی کردنی کۆمەڵگا وگواستنەوەی بۆ قۆناغی نوێتر و پێشکەوتووتر .

هەر بۆیە لە ئامادەکردنی ژینگەی بەدیهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردی سێ چەمک ڕۆلی سەرەکی دەبینن (دەسەڵاتی سیاسی ، ڕێکخراوە مەدەنییەکان ، دامودەزگا حکومییەکان ) ڕونتریش بلێین ( ڕامیاری ، جەماوەری ، دەزگایی ) ، ئەم سێ چەمکە لە پاڵ ئەرکەی ڕۆتینی ڕۆژانەیان پێویستە لەسەر هێڵێکی ستراتیژی هاوبەش کاربکەن و پرۆژەیەکی ڕونیان هەبێت بۆئەو ئامانجە و دەکرێت کارکەن بۆ پێکهێنانی ئەنستۆتێک یان هەر بازنەیەکی ترخەڵکانی پسپۆر و شارەزای بوارەکانی ( ڕامیاری ، ئابوری ، کۆمەلایەتی

، یاسایی ، ئاینی ، مێژوویی ...... هتد ) لە خۆ بگرێت و کاربکەن بۆ دارشتنی پرۆژەیەکی گواستنەوەی واقعبینانەی درێژ خایان کە بەرئەنجامی شیکردنەوەی بابەتی تایبەتمەندیەکانی سایکلۆژیای تاکی کورد و لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەم کۆمەلگایە و هەڵسەنگاندنی فاکتەرە ئاینی و رامیاری و کاریگەرە کەلتوری ودۆخە هەنووکەیی و پرینسیپە مرۆییە هاوچەرخییەکان لە خۆ بگرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت سوود لە تاقیکردنەوەی کۆمەلگا پێشکەوتوە مەدەنییەکان وەرگیرێت و لێکۆلینەوەی وورد بە ئەنجام بگەیەنرێت بۆ ئەو گۆرانکارییە مێژوویانەی بەسەریان هاتووە وئەوەی بەسود و گونجاو بێت تێهەلکێش بکرێت لەو پرۆژەیەدا ودوور بێت لەکۆپی کردنی دەقاو دەقی تاقیکردنەوەکانیان ، دەبێت ئەو راستییە لەبەر چاو بگیرێت کە کۆمەلگای مەدەنی دیموکراسی گیراوەیەکی کیمیایی ئامادەکراوی تاقیگە تەکنیکییە پێشکەوتووەکانی جیهانی پێشکەوتوو نییە و پێمان بفرۆشرێت ، رەچەتەیەکی پزیشکی ئامادەکراو نییە بۆ جەستەیەکی هیلاک ، بەڵکو قۆناغێکی گواستنەوەی باوەر پێکراوی هەستیارە و لەسایەی پرۆژەیەکی زانستی درێژ خایان ولە ژینگەیەکی شیاوی دادپەروەرانەدا دێتە دی ، هەرکاتێکیش کۆمەلگای مەدەنی دیموکراسی هاتەدی ئەوا دایەنگایەکی هاوچەرخ دێتە کایەوە بۆ بە بەرهەمهێنانی بەردەوامی تاکی شارستانی تەندروست کە بتوانێت ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیەکانی دڵسۆزانە بە ئەنجام بگەیەنێت و دەستکەوتەکانیش بپارێزێت و گەشەی پێبدات .

s.mahmood@wanadoo.nl